وەزارەتـی نــاوخــۆ
ئـیدارەی گــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :3646
ڕێکەوت : 24 / 10 / 2022

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(G P.34-2022) تەندەری پرۆژەی
## (دەرکردنی دووفیدەر لە وێستگەی ٣٣ کی /ی بۆ چارەسەری بارزۆری گەرەکەکانی
## ئاوباریک+سەنگاوییەکان+خۆرنەوەزان+ئاشتی لەناحیەی ڕزگاری) بۆ
## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگاداری سەرجەم بەلێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە ، کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.دابەشکردنی کارەبای کەلار) ، لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان / ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی ( 2022 ) جێبەجێ دەکرێت، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (100 ) سەد ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( 2 ) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (چوار شەممە ٢/ ١١/ 2022 )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (سێ شەممە ١٥ / ١١ /2022) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 100,000) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە ٢٠ / ١١ /2022 ) کاتژمێر(11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر(11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / ب. گرێبەستەکان بکەن .

• مەرجەکان:

١ -پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( 2 تا ٩) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢ - بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی(2022) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جـلال نــوری عبدالقـادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت
/ ١٠ / 2022